كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 13:49 25-6-2007

## ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و ژنان بارەگاكانتان دابخەن ... ڕێبین سەباح

هەولێر



لەو ماوەیەی پێشوو دا بوینە بینەرو گوێگری چەندەها هەواڵی ناخۆش و دڕندە كە بریتی بوون لە هەواڵی كوشتن و جینۆسایدكردنی ئافرەتان و كچان لەبەر مەسەلەی ناموس و شەڕەف كە ئەم شتانە كراونەتە هۆكاری ئەوەی هەڵمەتی جینۆسایدكردنی ئافرەتان و كچان دەست پی بكەن و حكومەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەكانی تایبەت بە مەسەلەی ئافرەتان بی دەنگ بن وەك ئەوەی نە بایان دی بێت نە باران یاخود هیچ كاردانەوەكیان نەبووە كە شایەنی باس كردبێت تەنها لە مەسەلەی كوشتنە دڕندەكەی (دوعا) نەبی كە ڕێكخراوە ئیسلامیەكانی ئافرەتان و دواتر ڕێكخراوەكانی تری ئافرەتان و ژنان كەوتنە دەنگە دەنگ ئەویش دڵنیام لەوەی كە ڕێكخراوەكانی ئافرەتانی ئیسلامی چەند مەبەستێكیان هەبووە ئەگەر نا هەرگیز لەبەر چاوی ڕەشی (دوعا) ئەو كارەیان نەكردووە بەم كارو دەنگە دەنگەیان ویستیان پێگەی سیاسی و جەماوەریی حزبەكانیان لە ناو كوردستانا بەهێزتر بكەن ئەگینا هەرگیز لەبەر دوعا ئەم شتەیان نەكردووە وە ئیدعای ئیسلام بوونی دوعا شیان كردە چەكێك بۆ ئەوەی ئەم شەڕەی ئەم جەنگەی پی بكەن كە ئەوان هەڵیان گیرساندووە دژی عیلمانیەت و مافەكانی ئافرتان و دژی بەندنەكردنی ئافرەتان و كچان لەپارچە قوماشێك دا كە تێیدا بەرەبەرە ئازادییەكانی بەرەو نەمان دەچن و بەرەو كۆیلە بوون ئەچی ویستیان ئەم شەڕەی پی بكەن تا ئەو سەركەوتنەی ئەوان لە خەودا دەیبینن بەدەستی بێنن. ئەگینا بۆچی بۆ كوشتنە دڕندەو ناشرینەكەی (شەوبۆ) و (ناجیە) و (ئامینە) ی بەستەزمان كە تا ئەو كاتەی باوكە دڵڕەقەكەی كە گوللەی چەكەكەی لەسەر تەقاند پێی باوكی ماچ كردوە و لێی پاڕاوەتەوە كە نەیكوژی چونكە هەرگیز نەكراوە منداڵێكی تەمەن 12 بكوژری لەسەر ئەوەی تەنها لەگەڵ كوڕێك لەبەر دەرگا قسەی كردوە ئەویش ئەو قسە یاخود تۆمەتەی كە باوكی بۆی هەڵبەستاوە ڕاست بوبێت من لێرەدا ئەمەوی ئاماژە بە دەورو كاریگەری ڕێكخراوە حزبی و نا حكومیەكانی ئافرەتان بكەم كە بە ناوی پاراستن و پارێزگاریكردنی ئافرەتان و وەرگرتنەوەی مافەكانیان بە ملیۆنەها دینار وەرئەگرن بەڵام بەرهەمی كاركردنیان پروپوچە و هیچ نیە ئەگینا ئەوان لە كوێن بۆ ناچن مافی ئەو ئافرەتانە یاخود ئەو كچانە وەربگرنەوە كە زوڵمیان لی دەكرێت و یاخود دەكوژرێن جا بەهەر شێوەیەك بێت لە كوی بوون ئەو ڕێكخراوانە كە كاتی ئامینە لەلایەن باوكیەوە لەسەر شتێك كە هەرگیز قابیلی ئەوە نەبوو سزاكەی كوشتن بێت كوژرا ئاخۆ ئەبی ئەوان گوێگری ڕادیۆو بینەری تەلفزیۆنەكان و خوێنەری ڕۆژنامەو سایتە ئینتەرنێتیەكان نەبووبن یاخود یەكێك لە ئەندامەكانیان كە ئیدعای ئەوە دەكەن كە خاوەنی چەندەها هەزاران ئەندامی ئافرەتن پێیان ڕانەگەیاندوونە كە تاوانێكی لەو شێوەیە ڕوویداوە دەبووا لەگەڵ ڕوودانی هەر تاوانێكی لەو شێوەیە ئەو ڕێكخراوانە مانیان بگرتباو ڕووبەڕوی تاوانباران ببانەوەو بەرەو سزایان ببەن. لەوەیە ئەو ڕێكخراوانە یەكێك لە ئەندامەكانی پارێزەر بێت یاخود پارێزەریان هەبێت بەڵام تاوەكو ئێستا نەمدیوە لە ڕێگای ئەوانەوە داوا لەسەر ئەو پیاوانە تۆمار بكرێت كە ئافرەتی خۆیان یاخود خوشك و كچی خۆیان دەكوژن بەرەو دادگاییان ببەن بەس بۆ ئەو ئازان ئەندام بۆ حزبەكانی خۆیان پی بگەینن و یاخود بۆ ئەو حزبانەی كە سەرچاوەی دارایی ئەوانە. ڕەخنەكەم تەنها بۆ ڕێكخراوەكانی حزبی ئافرەتان نیە بەڵكو بۆ ڕێكخراوانەشە كە ناویان لە خۆیان

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناوە ڕێکخراوی نا حکومی NGO )) کە هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە لەوە دڵنیاییە کە هیچ کاتی نەبووە کە ڕێکخراوێکی ئافرەتان یاخود ژنان یاخود خوشکان (کە سەیر بکەن لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیەی کە پێناسەی ڕەگەزی خۆیانی پی دەکەن یەك ڕاو یەك دەست نین ئەی چۆن لە کاتی بەدەست هێنانی مافەکانیان یەك دەنگ دەبن) هەبوون کە نا حکومی و سەر بەهیچ حزبی نەبن. لەو وڵاتەی ئێمەدا هەڵمەتی ئافرەت کوشتن دەستی پی کردوە داب و نەریتی عەشایەری وای کردووە پیاوان لەسەر بچوکترین شت ژنەکانیان بکوژن یاخود زوڵمیان لی بکەن لەو دونیا دەریان بکەن و بەرەو دونیاییەکی تریان ببەن دە کەواتە ئەگەر ئەوان خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەو پارێزەری ڕاستەقینەی ئافرەتان دادەنێنن دەبووا هەرگیز ئیسراحەتیان نەبوواو بۆ ئەوەی نەهێڵن زوڵم لە هاو ڕەگەزەکانیان بکری. وە پێویست بەوە ناکا باس لەوە بکەن توانیویانە مافی ئافرەتان بەدەست بێنن بڕوام وایە ئەوان تەنها ئاگایان لە ژیانی خۆیانە بڕوا بکەن مافی خۆیان بەدەست هێناوە نازانن ئافرەتانی کۆمەڵگای عەشایەری لە چ جۆرە ژیانێکدا دەژین. جا کەوابی شەرمەزارییە بۆ ئەوان کاتی بە ناوی پاراستن و پارێزگاری کردن لە مافەکانی ئافرەتان بچن پارە وەربگرن و تەنها خودای گەورەش دەزانی ئەو پارە لە چی خەرج ئەکری وە یاخود ئیدعای ئەوە بکەن کە سەرکردەی ئافرەتانن یاخود ژنانن چونکە شولی سەرکردایەتی ئافرەتان پارێزگاری کردنیانە نەك بی ئاگاییە لە ژیانیان یاخود نەك پارە لرف کردنە جا لەبەر ئەوە با بڕۆن دەرگای بارەگاکانیان دابخەن و بچنە ماڵەوەو با ئەو پارەیەی بۆ ئەوان تەرخان دەکری خێزانی چەندەها شەهیدی پی دڵخۆش بکرێت با هەست ئەوە نەکەن باوکیان یاخود کوڕەکانیان لە پێناوی هیچ دا خۆیان بە کوشت داوە یاخود ئەو خانووانەی کە دەیکەن بە بارەگای خۆیان با لەو کێشەیەی بی جێگایەدا خێزانێکی تر سودی لی وەربگری لە بری ئەوەی ببنە هۆکاری کە شوێنێك بگرن لە خۆڕایی دا هیچ سودێکی لی وەرنەگیری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.